# قەیرەخانم

جەزا چنگیانی

زۆر دەمێکە من ئەودالی شەوێکی جووت و خەوەنی باوەشی پیاوێکی سنگ زبرم و نایەتە دی !. زۆر دەمێکە ڕۆحم دەگووشم و لە زۆر نێگای پیاو، ئاخ خۆشم نازانم بۆ هەڵدیم، ئەودالی پیاوێکم بتوانی کەللەی ڕەقم ڕامم بکات و لێم تێبگات. تۆش یەکەم پیاو نیت. بروسکەی نێگای حەزم تێدەگریت، دنیای من دنیایەکی سەیر وسەمەرەیە، دنیایی ئافرەتێکی ئاسایی و ئاسانڕام نیە. بەس تیشکی نیگاتم تیٚ بگرە. ئاگات لێیە پێش ئەوەی بگەنە سنوری مێزەکەم گشتیان سووتان. ؟ نازانم ئەم پیاوەش وەکی ئەوانی تر، بیٚ ئارام بیت و نەتوانی ڕامم بکات. . .

ئەمانەی لەبەر خۆیەوە دەووتوو، نیگای پیاوە قژ ڕەشە بژە چاویلەکە لە چاوە تەنیاکەی سەر مێزەکەی بەرامبەری خستبووە ژێر چاودێریەکی نهێنیەوە.

دوای ناردنی چەپکە بروسکەیەکی سەرنج. پیاوە قژنەکە خۆی بۆ نەگیرا و بە پەرداخە شەرابەکەیەوە، چووە سەر مێزی ئافرەتە تەنیایەکە.

– ئیوارەت باش، ، ، هەردووکمان تەنیاین. . . . هاتووم دەلاقەیەك لە سەر ڕەشی ئەمشەومان بکەمەوە. . . . دێت لە تەکما؟؟؟

– بیٚ تەوقەی نیگاکان، ، ، تۆ چۆن زاتت کرد و هاتیتە سەر مێزی ئەم شەوەم ؟؟. لە کاتیکدا چەندەها تیشکی نیگاتم هەر بە ساوای و پیش ئەوەی بگانە سنوری مێزەکەم کوژانمنەوە ؟؟ پیت نەزانی ؟؟؟ ئەی بۆ هاتی ؟ لەوە دەچی تۆ ڕاوکەرێکی زۆر کارامەی ڕۆحی ئافرەت و پیاوێکی چلێس بیت ؟

- تاوان مەکە من ڕاو کەرنیم، ڕاوکەر نیچیری ویستەکانی دەکوژی ویەخسیریان دەکات. . . من نەهاتووم ویستی خۆم و نیچیری ڕۆح و باڵندەی حەزم بکوژم و یەخسرت بکەم. من چلێس نیم پارچەیەك کلێپەی حەزم،

- ئەی بۆ هاتووی ؟؟

- هاتووم بتکەم بە پاڵەوانی چیرۆکێك کە هێشتا ووشەیەکی لینەنوسراوە و سەرتاپای وویستمە. هاتووم بتکەم بە پەیکەری ئەو ژوورەی زۆر لە مێژە بیٚ ئافرەتە، بیٚ گلۆپ و بیٚ بۆن و بیٚ جوانیە !!! بیٚ سرپەی ئاه و ووردە زیرەی کۆتایی یە.

- یانی من مەتریاڵ ؟؟ بابەتی دیکۆرم ؟؟؟

– تۆ بوونی. . . بوون و سەرچاوەی بۆنی، بۆنێك ڕۆح گەشەی پێدەکات. بوونیك ڕووناکی بینایی ڕووناك دەکات. بۆنیك دنیا بۆن خۆش، دەروون ئارام، قوڵپ بە شەهوەت دەدا.

- ئا کەواتە من مەتریاڵم ؟؟

- نا تۆ بوونی.

- بوون یانی مەتریاڵ ؟؟؟

- وایە مادەم تۆ بوونی، تۆ هەمووشتێکی بۆ من.

- من بوونی خۆمم، خاوەنی خۆمم، نەك هی تۆ.

- تۆ بوونێکی تاکی، ناتەواوی، بیٚ بوونی منی پیاو. تاکی. . . . تەنیایی. . . منیش بیٚ تۆ ناتەواوم و تەنیا و ئیفلیجی کات و ڕۆح داماو.

- کەواتە من مەتریاڵم ؟؟؟

– من وتۆ مەتریاڵی ڕۆح و ووزە وجوڵە و بوونی پارچەیەکی سروشتین.

- کەواتە من مەتریاڵم.

- بوون بە بیٚ مەتریاڵ بوونی نیە، وەلیٚ من و تۆ. دوو مەتریاڵین کە ژیان و بوون بەردەوام دەکەین !!!!!

- تۆ نازانی بەردەوام دەبیٚ ؟؟؟؟



www.kurdistannet.org کوردستان نێت

- چاك دەزانم.
- وەرە هەر ئیمشە و نا، ، ، هەر ئێستا لە سەر ئەم مێزە، لەشمان ڕووت كەین. حەزمان چووت كەین. با پێكەوە سەرچۆپی شەپۆلی چەند تەكانی سیكس بگرین. . . ئینجا دوای نۆ مانگ و چەند ڕۆژێك، بوونێكی نۆی دیتە بوون.
- ئی وای !!!
- كەواتە ئێمە مەتریاڵی زیندووین، سەر چاوەی بوونین.
- تۆ نووسەری و سەرت لە دەوری دنیایەكی فەنتازیا خولدەخوات. . منیش نامۆ بە ودنیایە.
- تۆ نامۆنیت بە ودنیاییە. تۆ وێڵیٚ بەو دنیایە. تۆ خودی ئەو دنیایەی. . تۆ فەنتازیای سروشت و بوون و نوسینی منی.
- من بە تەنیا ؟
- نەخێر سەرجەم ئافرەتان، فەنتازیای سروشت و سەرچاوەی ئیلهامی شیعر و ڕەگی چیرۆك و كۆڵەكەی ڕۆمان و كرۆكی نۆڤل، پەنجەی نۆتە، ڕۆحی ڕەنگی تابلۆ، كلیلی دەروازەی تەڕی گەرووی حەقیقەت ووو هەموو. . . هەموو.
- وانیە، منی ئافرەت قێز لە شەراب و بۆنی دەمی ئەلكحولی پیاو دەكەمەوە، تۆش ناتوانی ووشەیەك بە بیٚ هێزی شەراب بنووسی. لێمگەڕیٚ سەر مێزەكەم چۆڵبكە و بچۆ بۆ لای ئەو ئافرەتەی بە بۆنی شەراب و دنیایی فەنتازیایی تۆ دڵشاد دەبیٚ ؟
- تۆ زۆر وێڵیٚ ؟؟
- بۆچی ؟؟ بەچیی وێڵم ؟
- بە خۆت وێڵی، بە من وێڵی. . بە شەراب. بە سیكس و بەجوانیەكەت و بە سروشت بە ڕاستی بە خوا بە كەنیسە بە یوسف بە مریەم، بە ڕۆڵی گۆپكەكانی مەممكت، بە هونەری میژینی لیۆ، بە سەرچاوەی كلێپەكانی ناو لەشت، بە ڕەگە ووردیلەیكانی ڕۆحی دەوری گەردنت. بە هەڵاوی گەرمی درزی نێوان مەمكەكانت. ئا بەو شارەی تێدا دەژیت، بەو زەمەنەی تێدا خولدەخۆیت. بەو شەقامەی ڕۆژی چەند جار پیاسەی پێدا دەكەیت. بەو بۆنەی دەیكرپیت و لە بن باخەڵ و سەر سنگ وژێر مەمك و لا گەردن و خوارتری دەدەی.
- تۆ چۆن زانیت بۆنی بن باخەڵ و لا مل و سەر سنگ و ژێر مەمكم. بۆنیكی وێڵە ؟؟. كەی ڕێگەم داوی بۆنم بكەیت. من ناتناسم. لەشی ڕووتی منت لە كۆی دیوە ؟؟ قەدەرێكی كەمە سەر میزكەم و تەنیایەكەمت ئاڵوسكاندوە.
- ئاخر قەیرەخانم من بۆنی هەموو لەشت لە ڕۆحەوە دەكەم، پێش ئەوەی بگەمە سەر مێزەكەت بۆنم كردی، كە بۆنی ڕۆحم بۆنی لەشتی مژی، تۆ لە بەر دیدەی مندا و لە سەر ئەم مێزە و لە ناو ئەم حەشاماتەدا، ئافرەتێكی ڕووت و قوت بووی، ئەزانی چۆن ڕووتیەك ؟؟؟ وەك لە دوای دووشكردنتەوە وكە دەچیتە بەر ئاوێنەكە، سەیری بوونە جوانەكانی لەشی خۆت دەكەیت، ئاوا ڕووت بووی، ، ، ئا تۆش وەك هەموو ئافرەتانی تری ئەم شارە، نا ئەم دنیایە لەو ڕاستیە ناگەن، بۆنی بن باخەڵ و سەرسنگ و قژ و تووكە گرمۆڵەبووەكانی بەر موسەڵانتان، چەند خۆشە. . . تاواندەكەن، دەیخنكێن، ، ، بە چی ؟؟ بە بۆنی دەستكرد و كیمیاوی.
- لێت تێناگەم. . . . دەتەوی بڵی من بۆ گەنم ؟؟
- لێم ببورە قەیرەخانمی تەنیای سەر مێزێكی تەنیای ڕۆح، تەنیای ئەمشەوە تەنیا سامناكە. ئا وایە تۆ بۆگەنت لێدیٚ، بۆگەنی عەتریك كە بە لەشی تۆی ئافرەت نامۆیە، تاوانە لە خۆت و لە من و لە سروشت و بوون دەیكەیت. بۆنی خۆت بۆنی عەترە، بۆنی سروشتە.
- بۆ لە تۆ ؟؟؟ پیتوایە كەسێك هەبیٚ عاشقی بۆنی ئارەق ورەسەنی لەشی ئافرەت بێت. ؟؟؟.

www.kurdistannet.org

- بەڵی من هەم،
- یانی تۆ سۆپەری ؟؟ یان شاعیری ؟؟؟ بۆیە هەمیشە لە خەیاڵد دەژیت !!!
- من شاعیر نیم. . . وەلێ شیعرم خۆشدەوی. . . شاعیر لە ڕۆحەوە نزیکە و شیعریش لایلایەی ڕۆحە.
- پیم ناڵێت بۆ ئەوەندە باسی ڕۆح دەکەیت ؟؟؟
- ئاخر قەیرەخانم. . من وتۆی مرۆڤ بێ ڕۆح چین ؟؟؟ مەتریاڵێکی بێ ووزە، بێ بەرهەم، بێ خۆشی بێ جوانی، بێ هەست، بێ بەر هەم،
- – تۆ نووسەرێکی خۆپەرستی. . . عاشق نیت !!!
- ڕاستدەکەیت من زۆر خۆپەرستم، ، خۆم زۆر خۆشدەوی، ، ئەگەر من خۆم خۆش نەوی نە ئافرەت نە کەسم خۆش دەوێ، چونکە ئافرەت وویستی ڕۆح و ووزەی چرکەی بوونی منە. من ئافرەتم خۆش دەوی چونکە خۆم خۆش دەوی. ئەگەر کەسێك خۆی خۆش نەوی ناتوانی کەسێکی تری خۆش بۆی. ئاوا وایە تۆ خۆت خۆش ناوی بۆیە تائیستا تەنیا وتاکی نووزەی عەشقت نایە، ئا. . . وایە تۆ ڕاست دەکەی من خۆ پەرستم چونکە مرۆڤم یانی مرۆڤپەرستم. ئەی بۆچی هاتوومەتە سەر ئەم مێزەت ؟؟؟؟؟
- نازانم. . . . حەزت گلاراوی گرتووە.
- وایە گلاراوی حەز، یانی ڕۆحیکی پڕ ووزە، من کە حەزم لە مژینی لیوتە چونکە ویستی ڕۆحم جیبەجیدەکەم یانی کە من تۆماچدەکەم. . . . ڕۆحی خۆم ماچدەکەم. کەواتە تۆی ئافرەت ڕۆحی، ئەی بۆ تۆ وابیر ناکەیتەوە ؟؟؟ ئەزانی بۆ؟؟؟ چونکە عاشق نیت خۆت خۆش ناوێ. . . من عاشقم چونکە خۆم و گشت مرۆڤێکم خۆش دەوێ
– ڕاستە من عاشق نیم.
- کەواتە ئیستا زانیت تۆ بە هەمووشتێ وێڵی ؟ بە لەشت و بە بوونت بە بۆنت. بە ڕۆحت. بە سروشت. . . . تەنانەت بەم تەنیایەی ئەم شەوت. . . . . بە من. . . . . چونکە عاشق نیت.
- پیتوایە ئەوەی خۆشەویستی نەکات. . . قاوغێکی بەتاڵە ؟؟؟؟
- قاوغێکی بە تاڵ، لە شێکی بێ ووزە، ڕۆحێکی بێ شنە، زمانێکی بێ مژە، پەڕاوێکی بێ ووشە، ڕووبارێکی بێ ئاو، جیهانێکی بێ خۆر، پەرداخێکی بێ شەراب، گۆرانیەکی بێ مۆسیقا، شەوێکی بێ ئەستێرە. تابلۆیەکی بێ ڕەنگ، ئاینێکی بێ پەڕاوی پیرۆز، ئا بە کورتی ڕۆبۆتەیەکی زیندووە،
- وایە بە تۆ نامۆم. . . ئیستاچیت دەوێ ؟؟؟ چی بکەم ؟؟؟
- نا بڵێ. . . چۆن دەتوانم عاشق ببم ؟؟؟ دەرگای ڕۆحت ئاواڵە بکە و سەرچاوەی هەستت فراوان، نیگاکانت نەرم. بە دوای بۆنی ویستی ڕۆحتا بگەڕێ، ئەی بۆ ناپرسی ژمارەی تاڵە سپییەکانی سەرت ژمارەی ساڵ ومانگ و ڕۆژە تەنیاکانت نیە ؟؟؟ هەموو شەوێکی تەنیا تاڵێکی مووی ڕەشی سەرت سپی دەکات. . . . بۆ لە شوورەی ترسدا خۆت یەخسیرکردەوە ؟؟؟
- ئیستا چی بکەم ؟؟؟
- دەمەوی پیت بلێم وەرە بە دنیای ڕۆمانسیتی نووسەرێك ئاشنات بکەم.
- چۆن و کەی ؟؟
- هەر ئیمشەو.

تۆزیك بێدەنگ بوو. . . . ماتەمینی دایگرت و کەوتە دنیای پرسیارە جەنجاڵەکانی دەروونیەوە، لە نێوان چرکە سوتاوەکانی ڕابووردویدا تاسابوو، ، سەری چرکەکانی شەوەکەمانی دادەهێنا و وەك بە دوای سەرەتای ویستە ڕۆحیەکانیدا بگەڕێ، بە پەنجە نینۆکە سوورکراوەکانی. پەرداخی ئاوەکەی خولدەدا. جار جارەش لەژێر پێڵوەکانیەوە لە منی دەڕوانی. . . وەك ئەوەی لە ئەنجامی پرسیارەکان بترسی و حەزیشی لێبکات. دامابوو پەرداخە

شەرابەکەم بەرزکردەوە و لە پەرداخە ئاوەکەیمدا و گۆمەکەیم شڵقاند، زەردەخەنەیەکی ساردی پێشکەشکردم، دڵمخۆش بوو گەیاندومەتە قەراغ ڕووباری هیوای. ڕووبارەکە بە هروژم بەبەردیدەیدا دەڕوا، هیواکانی لە بەرچاوی دەفڕینی. زوو زوو نیگاکانی ناسکتر دەبوون و دەیویست بە هەر دووکمان پەلی ڕووباری هیوای ڕابکێشین و پێکەوە سەرچوپی شەوێکی پڕ حەز بگرین. دەستم خستە سەر دەستی وپەنجەکانی دەستی ڕانەچڵەکان و لەژێر پەنجە تووکاویە ڕەگاویەکانی مندا خپ بوون. خەوێکی ئارامیان گرت و زانیم ڕۆحی ووشکی ئاوی تێزا. سەرم لە سەری نزیك خستەوە پێم ووت :

- دەزانم ڕۆحت تەڕ بووە و پرسیارەکانت گۆڕان. . . نیگاکانت نەرم ونیان.

چاوەکانی ئاراستەی چاوەکانم کرد و بە بێدەنگی کەوتینە گفتۆگۆی چاوان. پاش کەمێك وەك گەرەکی بێت گریێ پەنجەکانم توند تر گرێ بدا. دەستەکەی تری خستە سەر دەستە توکاویەکەم ووتی :

- پێت وایە ئیمشە و تاقیکردنەوەی ژیانە ؟؟
- بەڵێ وایە. . . لە هەموو ساتێکدا دەبێ مرۆڤ چاوەڕیی ڕێکەوتی گۆڵ بێ، ئیمشەو ناتخۆم، ئیمشەو دەدبمە کیشوەرێکی وونەوە، ئەو کیشوەرەش پێویستی بە کلیلی ڕۆحی تۆ و من هەیە. ئەو بە هەشتەی لای تۆ وونە و بە ترس وشەرمەوە بە دوایدا وێڵی نیشانتی دەدەم.
- ئا وایە تا ئیستا من لە دونیایەکی زۆر بیرۆکراتیدا گرمۆڵە بووم ؟؟؟؟
- وەرە ناسکە قەیرە تەنیاکە بۆ هەمیشە بیرۆکراتیەت تووڕدە و بفەرموو بۆ دنیای ڕۆمانتسیتی منی نووسەر و عاشقی بوون.
- عاشقی بوون ؟؟؟ یان من ؟؟؟ یان ئافرەت ؟
- بوون و ئافرەت یەکن. بوون بێ ئافرەت و ئافرەت بێ بوون، ، ، بوونیان نیە،
- ئەمانە فەلسەفەن بە من نامۆن، ،
- ئا فەلسەفەن و بە تۆ ئاشنان، ، ، وەلێ.
- وەلێ چی ؟؟؟؟؟
- وەرە ئیمشە و بوونی خۆت ببینە !!!
- چۆن ؟؟؟
- چاو بنووقێنە و دەستم بەرێ. . . تا ئەوساتەی دەگەینە بە هەشت، گلینەکانت بنووێنە. . .
- چۆن ؟؟؟

دوو پەرداخ شەرابی سوورم بانگکرد و فەرمووم لێکرد. سەرێکی بادا و ووتی :

- من لە ژیانمدا شەرابم نەخۆاردووتەوە. . . . ئیمشە و دەرخواردم دەدەیت ؟؟؟.
- ئا ئیمشەو شەراب بخۆرەوە وبیکە بە شەوەی لە دایك بوونێکی نوێت.
- کە زۆر زانی ئەوە بۆ ؟؟ نووسەران وەڵامیان بۆ هەموو پرسیارێك پێیە؟؟؟ .
- بۆ ؟؟؟؟ چونکە چاوی نووسەر، ئەو دیوو ڕاستی دەبینێ.
- لە مەیشیاندا تۆ بردتەوە !!!
- نا. . . من زۆرانت لەتەکدا ناگرم. . . بڵێ لەم هەنگاوەشدا بەیەك گەیشتیین، گەر گەرەکتە زۆر بەخێرای وبە ئاسانی کلیلی بەهەشتت چنکەوێ ؟ وەرە با پێکەوە ئیمشە و ئەم سەر مێزە بکەین بە مەنزڵی زکری هەستەکانمان و بە شەراب و تەڕای ناو دەممان ئاوڕشینی بکەین.
- ئەمانە قسەی سەر مێزن؟؟؟ یان بەشێکن لە چیرۆکێکت و لەم شەوەدا بۆم دەخۆێنیتەوە.
- هەموو چرکەیەك لە ژیان چیرۆکە. . . . چیرۆك میژووە. . . سبەینی ئەم دانیشتن وگفتوگۆیەی من تۆ دەبێت بە چیرۆك و دواجار میژوو !!!

- لەتەك هەموو ئافرەتێكدا وا دەپەیڤی ؟؟؟؟ یان ئەم رستە ڕۆمانسی و ویژەیانە تەنیا بۆمن دادەریژی ؟؟؟
- نەخێر. . . . دەمی ووشەم بگاتە ڕۆحی هەر ئافرەتیك. . . . وای بۆ دەڵێم. . . . ئەزانی بۆ ؟ چونكە ئافرەت بوونی جوانە و بوونی جوانیش ووشەی جوانی گەرەكە.
- كەواتە من یەكەم ئافرەت نیم بە ووشە مەستت كردووم ؟؟ دوای من و شەوێكی ڕووت. ڕوودەكەیتە قیبلەیەكی تر، لە شێكی تر، ئافرەتێكی تر، تا كەی ئەم گەرم وگوڕیەت لە دەورم دەگەڕێت، ؟؟؟
- تا ئەو ساتەی ڕۆحم تەرەناكەیت، ، تا ئەوساتەی ماچەكانت بۆ گەن ناكەیت، تا ئەوساتەی پێخەفەكەمان زبرناكەیت، ژیرانە دەمكەیت بە قاشی خۆت، بە پارچەیەك لە بوونت، ، تا ئەوكاتەی لە دوریمدا ڕۆحت بگریی، لە دووریتدا ڕۆحم شەیدا، تا ئەوساتەی نێو مەمەكەكانت كەلەی سەری ماندوم ئارامدەكات، تا ئەوساتەی سنگی تووكاوی ولەشی ماسولكەداری من، جەستەی نەرم و نیانی تۆ مەساجدەكات، تا ئەوكاتەی پێكەوە، ڕەنگە هەر ئەمشەو بێت، گەرای بوونیٚ، ، بۆ دوای خۆمان دابڕێژین، تا ئەو ساتەی تەنیا من قاشت بم، من ناوت بم، من هاودەم وهاوژین و هاوڕیٚ و خەمخۆرت بم، ، ، من پاڵپشت و من تۆ، تۆ من بیت،
- یانی ئیمشەو تەنیا داوای شەوێكی بە هەشتاویم لێناكەیت، بەڵكو خۆازبینیشە ؟؟؟، ، تا ئیستاچەند خۆازبینی كورت تەمەنت كردووە ؟؟؟
- گەلێك زۆر، ، وەلیٚ خۆازبینیەكان سەری نەگرت، ویستەكان سەوز نەبوون، گەراكان نەبوون بەیەك، ئەزانی بۆ ؟؟؟چونكە ڕۆحەكان، دوای كاروانە تەكانەكان، شەوە شەهوەتاویەكان، یەكیان نەگرت.
- چ پێوەرێكت هەیە بۆ جوانی ئافرەت ؟؟؟؟
- تكایە لە ڕۆحم بپرسە،

لە نێوانی حەز و ویستە كیكراوەكانی دەروونیدا جەما بوو. . . ئاگام لیٚ بوو چاوەڕی چەند رستەیەكی تری دەكرد. . . پیم ووت :

- ئیمشەو كۆتایی هەفتەیە و بیر لەوە مەكەرەوە بەیانی بچی بۆ كەنیسە، ژووری نوستنەكەی من لە كەنیسە و مزگەوت پیرۆزترە. . .
- نا وانیە. . .

– وایە. . . . وەرە با ئیمشە و پێكەوە نەك ڕكاتیٚ، چەند ڕكات نوێژی سروشت لە میحرابی پێخەفەكەمدا بۆ خۆا بكەین ؟ ڕۆحی خۆمان ئارام ورەزامەندی خۆاش بە جیٚ بهێنین ؟ داوای لیبوردن لە خۆا و لە ڕۆحت بكە، لەو تاوانانەی بەرامبەر بە ڕۆح و ویستی خوا كردووتە، ماوەیەكی زۆر ڕۆحت چەوساندۆتەوە. برسیت كردوە ئا نەك لە كەنیسە لە ژووری نوستنەكەمدا داوای لیبووردن لە خوا و لە ڕۆح و لە خۆت بكە !!!

- چۆن و كەی ؟؟؟؟
- كەی ؟؟؟ هەر ئیمشەو چۆن ؟؟؟ لەناو ژووری نووستنەكەمدا.

بێدەنگ بوو. . . . . بۆ ماوەیەك ورما. . . .

- لە دووی چیدا ویڵی ؟؟؟ لەوە دەترسی پەلت بگرم بۆ بیابانیكی ووشك و بیٚ ئاوت بەر م، ، ، ، نا من پەلت دەگرم بۆ ئەو بە هەشتەی تۆی نایزنیت.

زاتی خۆاردنەوەی شەرابەكەی نەبوو. . . .

- ئەگەر زاتی بۆن و خواردنەوەی شەرابت نیە، ڕیگەم بدە با لە نێو دەمتدا ئەم دوو پەرداخە شەرابە بخۆمەوە. . . . .

بە دوودڵیەوە چەند قومێكی لە شەرابەكە دا و لیوەكانی والاكرد و ماچ و شەراب و زمان مژینم تێكەڵاوكرد. . . . دوای تەواو بوونی هەردوو پەرداخە شەرابەكە، لە نێو دەمیدا، بە دڵۆپە شەرابە جیماوەكانی سەر زمانی كەمێك مەست بوو. دووپەرداخی تری بانكرد و ئەمجارەیان ئەو دەمی منی كرد بە پەرداخ وزمانمی كردە مەزەی مژین.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

چاوه شینەکانی وەك دوو ئەستیرەی جیماوی کاروانی ڕستە ئەستیرەکانی ژێر پەڵە هەورێکی سپی کزی دەنواند و لە باوەشمدا خۆی خپکرد و دەستێکی خستە نێو تووکەکانی سەر سنگم و بە ئارەقی بن باخەڵ و تەرای سەرسنگم پەنجەکانی تەر کردو پڕ بە دڵی بۆنی کردن و دەمی خستە لا ملم و دوای ڕیزە ماچێکی سیکسی ووتی :

- ئیشمە و دەمەویت بچین بۆئەو بە هەشتەی ڕۆحمان گەرەکێتی . ئا ئەو بەهەشتەی تا ئیستا نەمبینیەوە،

پەرداخ و پاشماوەی بۆنی وورده ماچەکانمان لەسەر مێزەکە جێهێشت، گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. خۆشمان نەمانزانی چۆن و کێ ڕووتیکردینەوە. پاڵی خستم، قەدەریکی کەم لەسەر ڕانەکانم بە بێ دەنگی دانیشت. . . لە ماسوولکەی باڵەکانم، توکەکانی سەرسنگم، لە قژە ئاڵوسکاوە ڕەشەکەی سەرمی دەڕوانی و دەستی بە لاقە تووکاویەکانمی ژێر سمتی خۆیدا دەهانی، بە ئەسپای دەستیکیم گرت و ماچمکرد. دەمزانی لەگەڵ ڕۆحیدا لە گفتوگۆیەکی گلەیدایە، بۆچی تەمەنێکی زۆری ژیانی بێ باوەشی پیاو تۆڕداوە. . . . بێدەنگ بووم تا وەڵامی دوا گلەی ڕۆحی دایەوە. سەری کردە سەر سنگم بەئەسپای ولەژێر پەردەیەکی شەرماوییەوە سنگمی بە وورده ماچ چنی و لەیەك ئالاین. دەمویست حەزەکانی من سەرچوپی تەکانەکان بگریت. نەیهیشت زانیم حەزەکانی هێندا کپکراوە دەیەوێت هەر ئیمشەو هێندە ژمارەی توکە سپییەکانی سەری سەرچوپی تەکان بگرێت . . تا ڕووناکی ڕۆژی نۆی سنگی ئاسمانی تەنك ڕووناك نەکردەوە. لەشی ڕووتمان لەیەك جیا نەبوونەوە. بە پشتا پاڵ کەوتبوو و هەناسەی ئارامی دەروونی دەدا. هەستام و پەردەی پەنجەرەکەم کەمێك فراوانکرد تا تیشکە ڕووناکە تەنکەکەی ڕۆژی نۆی لەشی ڕووتی مکیاچ بکات وجوانی لەش و بوونی خۆی وەکی خۆی و سروشت لە ئاوینەکەی بەرامبەرماندا ببینێ، چومە تەنیشتیەوە لە پشتەوە گۆپکەی سمتەکانیم خستە بەر موسولانی پڕ هەڵاوی گەرمم. باوەشم گرت و دەستێکم خستە ژێر ملیەوە و پەنجەکانی دەستەکەی تریشم کردە ئالایەك و وورده وورده بە گۆپکەکانی مەمکی و نەرمۆڵەی دەوری ناوکیدا دەخشاند وختوکەی توکەکانی بەر مووسەلانیم دەدا و هەر دووکمان چاوما بڕیبووە ئاوینەی دۆلابی ژووری نوستنەکە و لەو دیمەنە ڕووتەمان دەڕوانی. دەمم لە پەناگۆیدا بوو پیم ووت:

- چەند جوانە دیمەنی ئەم ژوورە بە لەشی ڕووت و تووکە ئاڵۆسکاوە قەترانیەکانی بەر موسەلانی تۆوە. . . چەند ڕووناکە ڕوونی چاوی ئاوینەکان بە وینەی گۆپکەی سمت و مەمکی تۆوە. . . چەند بۆن خۆشە ئەم ژوورە بە بۆنی بن باخەڵ و قژی تۆوە، ؟ تۆ نازانی چیت ؟؟؟ تۆ ئەو بوونەیت بوون جوان دەکەیت. . . تۆ ئەو بۆنەی گەرووی سروشت بۆن خۆش دەکەیت. هەناسەی دارستان، باخچە. گوڵی ماڵ و باڵکۆنەکەم عەتراوی، عەتری سروشت دەکەیت.

(تلی بە لەشیدا و ڕوویتیکردم ونەك بۆنی سەرسنگم بەڵکو سەرتاپای لەشمی هەڵمژی، دوای وورده گازێکی لێوەکانم، توند نوساندمی بە خۆیەوە) ووتی:

- **لە ژووری نوستنەکەدا تێگەیشتم بە هەشت چیە ؟؟؟؟؟؟؟؟**

شەوی ٢٠٠٣/٠٦/٢٣

پێشکەشە بە هاوڕی پاکنمەك دکتور ئارمان

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.